نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهان بەرزبوونەوە



دوای ئەوەی لە چەند هەفتەی ڕابردوودا نرخی نەوت دابەزینی بەخۆوە بینی ، ئەمەش شەممە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوە و نرخی بەرمیلێك نەوتی برێنت 63 دۆلاری تێپەڕاند.

بەگوێرەی داتاکانی بازرگانی، نرخی نەوتی خاوی برێنت بڕی 2.18% بەرزبوونەوە و گەیشتووەتە 63 دۆلار و 34 سەنت بۆ هەر بەرمیلێك، کە بڕی 1.35 دۆلار بەرزبوونەوە.

هەروەها ئایندەی نەوتی خاوی ڕێژەوای تەکساس (WTI) بۆ ڕێژەی 2.35% بەرزبوونەوە و گەیشتووەتە 59.12 دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، کە بۆ ڕێژەی 1.36 دۆلار بەرزبوونەوە.

